کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-12-2006 18:36 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گۆرینی سروودی ئەی رەقیب دەستێکی گەورەی لەپشتە بۆ ئەوەی ئەم جارە بەتەواووی کوردوستان لەت لەت بـــێ ... باوکی هەلۆ گەرمیانی

8-بەفرانبار-2706ك

ماوەیەکە لەکوردوستانی باشوور دا نووسین و بڵاوکراوە دەرئەچێ لەناوگۆڤارە کوردیەکان دا یاخود لە ناو سایتە کوردیەکان دا دەربارەی گۆرینی سرودی نەتەوەیی کورد بۆسرودێکی هاوچەرخ کەلەگەل ئەدەمەدا بگونجێ هەروەك
هەردوو بەرێز ( (کاك هەلکەوت زاهیر و کاك شێرکۆ بێ کەس) ) باسێکی زۆریان لە رۆژنامەی میدیا ژمارە 271لە12/26 دا بڵاوکردۆتەوە دەربارەی گۆرینی سرودی ئەی رەقیب وە کاك هەلکەوت ئەلێ من پرسیارم بەزۆر لە لێپرسراوان کردوە بۆ ئەم کارە وەرەزامەندی خۆیان دەربریوە؟من لێرەدا پرسیارم لەکاك هەلکەوت هەیە ئەو لێپرسراوانە کێن و کوا ناوەکانیان وەهەروەها کاك شێرکۆش ئەلێ من ئەم هۆنراوەیەی دام ناوە پیشانی هونەرمەندان کاك ئەنوەر قەرەداغی و کاك زیاد و کاك هەلکەوت زاهیرم داوە وەرزامەندی خۆیان لەسەر داوە کاك زاهیریش ئاوازەکەی بۆ داناوە؟وەهەروەها پرسیارم لە کاکە شێرکۆی بەرێز ئەوەیە هەر ئەوسیانە هونەرمەندن یاخود ئەبێ لەناو هەموو هوونەرمەندانی کوردوستانی گەورەدا بڵاو بکرێتەوە هەر هوونەر مەندێ رەزامەندی خۆی لەسەر بلێ وەئەم کارەش زۆر ئاسانە ئەتوانرێ لەرێی ( (کوردوستان نێت) ) ە وە یاخود لەرێی هەر سایتێکی ئەلکترۆنیەوە بێت. وەکاك شێرکۆ ئاماژەی بۆئەوەداوە کە ( (لەسرودی ئەی رەقیب دا رۆلی ئافرەتانی تیا نیە) ) کەواتە پێش ئەم کارە ئەبوایە کاك شێرکۆ داوای لە پەرلەمان وحکومەتی کوردوستان بکردایە کە بۆ رۆلی ئافرەتانیان خستۆتە لاوە لە ناو حکومەتی هەرێم دا. یاخود ئەیەوێ دەنگی ئافرەتان ( (ژنان) ) بۆ پەسەند کردنی ئەم کارە بەلای خۆی دا بهێنێ.

ئەی باشە بۆ لەدوای راپەرین و دامەزران دنی حکومەتی هەرێم وپەرلەمانی کوردوستان هەول نەدرا بۆئەم گۆرینی سرودی ئەی رەقیب. ئیستا لەم باروو دۆخەناسکەی کوردی تێدایە ئەم پرۆژەگەورەیە هاتۆتە بەرباس ولێکۆلینەوە
کە هەموو دەست کەوتەکانی کورد لەمەترسیدایە و هێشتا ئاواتی هەزارەها شەهید و ئەنفال و بێ سەرو شوێن کراوەکان نەهاتۆتە دی؟ کەرکوکی ( (دل و قودسی) ) کوردوستان هەمووناوچە داگیرکراوەکان نەگەراوەتەوە بۆ ناوباوەشی کوردوستان.
ئەی باشە خۆ نالێم بۆ داوای یەك پارچەیی کوردوستان ناکەن؟؟بەس ئەلێم داوای یەك گرتنەوەی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی سۆران وبادینان ناکەن کەتائیستا 4 وەزارەت بەبێ سەرۆك وەزیرانە؟؟
ئەی باشە بۆداوای پاك سازی و نەمانی گەندەلی ناکەن کە لەهەموو دانیشتنێ کی گەورە لێپرسراوان دا بەبیری جەماوەری ئەهێننەوە و ئەلێن ئێمە ئەزانین گەندەلی هەیە وبەلام گەر چارەسەری بکەن کەس نامێنێ؟؟
ئەی باشە بۆ باسی ئەوەناکەن کارەبا نیە بۆ جەماوەر کەچی مولیدەی حکومەت ئەدرێ بەلێپرسراوان هەروەك ئەوان ئەم رۆژەیان بۆکور هێنابێتە دی وەك لەرۆژنامەی ئاوێنە ناویان هاتوە ( (ئەرسەلان بایز، عبدالەمام علی، مستەفا چاورەش، سعدی ئەحمەدپیرە ( (خۆی لەهەولێرە لەسلیمانی وەری گرتوە) ) میوان خانەکەی شێخ مەزهەر لەبالیسان) ) ئەمان زۆر لەپێشترن لە قوتابخانە و فەرمانگەو نەخۆشخانەو هەزارەها شوێنی تر کە وزەی کارەبا تیانیە؟؟

30-12-2006 18:36 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەی باشە بۆ هەول نادەن و ناوی تازە دابنێن بۆ ئەو ڕێك خراوانەی یاخود ئەو دمام ودەزگایانەی لەکوردوستان لە بەشی یەکێتی دا ناوێکی هەیە و لەبەشەکەی ناو پارتی دا ناوێکی تری هەیە وەك ( (خویندکار= قوتابی.. ژنان= ئافرەتان وە یاخود ئەو دەزگایەی بەرێزتان تیاکۆبونەتەوە خۆ دووناوی هەیە وەناوی تر گەر بیان نووسم زۆرن؟؟

ئەی باشە بۆ هەول نادەن بۆ دادگایی کردنی جاش ومووستەشاروو بەعسیەکان گەر دلسۆزن بۆ کوردوستان ئەوتا سەرۆکی دەستەی داواکاری گشتی لەدادگایی ئەنفال دا بەرێز ( (مونقەز الفیرعەون) ) کەعەربە دلی بۆکورد ئەسوتێ و ئەفەرموێ 50 مووستەشار راکێشی دادگا ئەکەم بەمەرجێ دەسەلاتی کوردوستان رەزامەندی بنوێنن؟؟

وەئەوەی هەموان ئەی زانین ئیستا هەموولایەك لەهەول دان و کۆبوونەوەکردن دایە بۆ لەناو بردنی دەست کەوتەکانی کوردوستان بە وولاتانی دراوسێش مانەوە ئیجا هەموو وولاتانی ئەورووپاش هەولیان بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیانە نەك گەلی کورد. وەهەروەهاش راپۆرتەکەی بێکەر ئەوەی دەرخست بۆ سەرانی کورد کە ئەمەریکا دۆستی کەس نیە بۆبەرژەوەندی خۆی کار ئەکات. وەهەموو لەهەول دان دان بۆ یەك نەگرتنەوەی ریزەکانی گەلی کورد بەش بەش کردنیان وەیەك نەختستنی جەماوەری کوردوستان لەژێر یەك ئالاو یە سرودی نەتەوەی دا. ئەبێ هەمووان لەهەول دان دابین بۆ رزگاری کوردوستان وەدوای رزگاربوون مان لەژێر دەستی داگیر کەرانی کوردوستان ئەوسا بە هەموو لایەك وەلەرێی دەنگ دانەوە ئەتوانرێ هەول بدرێ بۆ گۆرینی سروودی ئەی رەقیب.

کەواتە ئەتوانین بلێین گۆرینی سروودی ئەی رەقیب کەتائیستا سرودێکی نەتەوەیی کوردوستانە لەم کاتەی ئیستا کەگەلی کورد لەمەترسی دایە دەستێکی دوژمنانی گەلەکەمنای لەپشتەوەیە بەبێ ئەوەی کەس بە خۆی بزانێ؟؟

وەهەموو ئاوات و ئومێدێکمان بە سەرۆکی هەرێمی کوردوستان کاك مەسعود بەرزانی یە کەچۆن ئالای کوردوستانی لەهەموو کوردوستان دا جێ گیر کرد ئیستاش ئەبێ رێگربێ لە گۆرینی سرودی ئەی رەقیب وەك بەرێزی ئەفەرموێ سرودی ئەی رەقیب ئەبێ هەربمێنێ